# پیادەکردنی موسڵمانان بۆ ڕوخسەت
# لە نێوان حەقیقەتی ڕوخسەت
# و
# شوێنکەوتنی ئارەزووەکانیاندا

م/ عدنان بارام

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێشەکی:**

**إن الحمد لله ، نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ...وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله ...**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینێکی تێر و تەسەل ، و بی کەم وکوڕییە هەروەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی:﴿ الْيَوم أَكْمَلْت لَكُم دينكُم وأتممت علَيكُم نِعمتي ورضيت لَكُم الإِسلَام دينا﴾[سورة المائدة :٣] چونكە ئەم ئایینە پیرۆزە لە لایەن پەروەردگارێکی دانا وزانا ومیهرەبانەوە نێردراوە ، هەروەك پەروەردگاری دانا و زانا فەرموویەتی:﴿ وإِنك لَتلَقى الْقُرآنَ من لدنْ حكيمٍ عليمٍ﴾ [سورة النمل : ٦] ، بۆ ئەوەی ئەو ئایینە پیرۆزە ببێتە ڕێ نیشاندەری مرۆڤایەتی ، و لە گێژاوی بێباوەڕی ، و گومڕایی ، و تاوان ، و خراپەکاری رزگاریان بکات ، بۆ یەکخوا پەرستی ، و هیدایەت و ، دادپەروەری ، و ژیانێکی ئاسوودە، هەروەك خوای بەسۆز و میهرەبان فەرموویەتی:﴿هو الذي ينزلُ علَى عبده آيات بينات ليخرجكُم من الظُّلُمات إِلَى النورِ وإِن الله بِكُم لَرؤوف رحيم﴾ [سورة الحديد : ٩]. ئەم ئایینە پیرۆزە لەبەر ئەوەی لە بەدیهێنەری بەندەکانی خوای پەروەردگارەوە هاتۆتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی ﴿ﷺ﴾، دەبینین ئەو پەروەردگارە دانا و زانایە بە پێی پێویستی و بار و دۆخ ، و بەرژەوندی و توانای بەندەکانی ئەحکامەکانی

داڕشتووه ، و هیچی له سەر گران و نامۆ نەكردوون ، هەروەك فەرموویەتی:﴿ وما جعلَ عليكُم في الدينِ من حرجٍ ﴾ [سورة الحج : ٧٨] ، لە گەڵ ئەوەیشدا بۆی بەڕەوا داناون و ڕوخسەتی داون كە ئەگەر زەرووره‌تێك یان بێتواناییەك ڕووی تێكردن ، هەندێك لەو شتانەی كە لە سەری قەدەغەكردون ئەنجامی بدەن ، بۆ ئەوەی ڕزگار ببن لەو ناڕەحەتییەی كە تێیدان ، هەروەكو لە چەند ئایەتێكدا بەرچاو دەخرێت بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ، پێغەمبەرەمیهرەبانەكەیشی(ﷺ) بە هەمان شێوە هەندێك لەو ڕوخسەتانەی پێگەیاندووین ، ئەوەیشی پێ ڕاگەیاندووین كە پەروەردگارمان پێی خۆشە ئەو ڕوخسەتانە وەرگرین هەروەك فەرموویەتی :

﴿إن الله يحب أنْ يؤخذَ برخصه كما يكره أنْ تؤتى معصيته﴾(١).

واتە : خوای پەوەردگار پێی خۆشە ئەو ڕوخسەتانەی كە لە ئایینەكەیدا هاتوون وەربگیرێت و كاریان پێ بكرێت ، هەروەكو چۆن ڕقی لێیە ئەو تاوانانەی كە لە ئایینەكەیدا قەدەغەی كردوون ئەنجام بدرێت .

وە فەرموویەتی: ﴿إن الله يحب أن يؤخذ برخصه كما يحب أن تؤتى عزائمه﴾(٢).

واتە : خوای پەوەردگار پێی خۆشە ئەو ڕوخسەتانەی كە لە ئایینەكەیدا هاتووە وەربگیرێت و كاریان پێ بكرێت ، هەروەك پێی خۆشە عەزیمەتەكانی وەربگیرێت .

شێخی پایەبەرزی ئیسلام (ابن تيمية) ــ بەڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی(٣) :

(فەرموودەی ( ابن عمر ) ﴿رضي الله عنهما﴾ كە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە كە فەرمویەتی : ﴿إن الله

(١)-(مسند الإمام أحمد) رقم : (٥٨٦٦) و(صحيح ابن حبان) رقم : (٢٧٤٢) و(صححه العلامة الإمام الألباني في تخريج الطحاوية) ،و(كتاب الإيمان : لابن تيمية).

(٢)- (صحيح ابن حبان) رقم : (٣٥٤) و (٣٥٦٨) و(سنن البيهقي الكبرى) رقم : (٥١٩٩) و(صححه الإمام الألباني في صفة الفتوى) : (٨٠).

(٣)- (مجموع الفتاوى) : (٧ / ٤٨ ـ ٤٩) .

يحب أن يؤخذ برخصه كما يكره أن تـؤتى معصيته﴾ ، هەواڵی ئەوەمان پێدەدات کە خـوای پـەروەردگار پـێی خۆشـە ئـەو ڕوخسەتانەی کە لـە ئایینەکەیدا هـاتووە وەربگیرێـت و کاریـان پـێ بکرێـت ، هەروەکو چۆن ڕقی لێیـە ئـەو تاوانانـەی کـە لـە ئایینەکەیـدا قەدەغـەی کـردوون ئەنجام بدرێن .

وە هەندێك لە شەرع زانان بەم شێوە دەیگێڕنـەوە : " کمـا یحـب أن تـؤتى عزائمه" ، بـەڵام ئەمـەدەقی فەرموودەکـە نییە ، ئەوەیش لە بەر ئەوەیە کە خـوای پەروەردگار ڕێی داوە بەو ڕوخسەتانە لە بـەر پێویـستی بەنـدەکانی بـۆ ئـەو ڕوخـسەتانە ، بـڕوادارانیش پـشتیان پێدەبەستن لە پەرستنەکانیان بۆ خـوای پـەروەردگار ، ئـەویش پـێی خۆشـە ئـەو ڕوخسەتانە وەربگیرێـت و کرداریـان پـێ بکرێـت ، چـونکە هـەموو کەسـێکی سـەخاوەت مەنـد پـێی خۆشـە ئـەو بەخـشین و چـاکەیەی لێوەربگیرێـت ، هەروەکو پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾لە باسی کورتکردنـەوەی نوێژدا (قـصر الـصلاة) فەرموویـەتی : ﴿صدقة تـصدق الله بهـا علـیکم فـاقبلوا صـدقته﴾[٤] ، واتـە: بەخـشینێکە خـوای پـەروەردگار پـێی بەخشیوون ، جا ئێوەیش ئەو بەخشینەی لێـوەرگرن ، وە لـە بـەر ئـەوەی بـەوە پەرستنە گوێڕایەڵییەکەی تەواو دەبێت).

پاشـان لێـرەدا هەنـدێك لـەو ڕوخـسەتانەی کـە لـە قورئـانی پـیرۆز هاتوون ، هەندێکیش لەو ڕوخسەتانەی کە لە فـەرموودە و سـوننەتی ( صـحیح ) ی پێغەمبـەری خـوادا﴿ﷺ﴾پێمـان گەیـشتووە دەخەینـە ڕوو ، بـۆ ئـەوەی زیاتر لە باسی ڕوخسەت تێ بگەین :

## هەنـدێك لـەو ڕوخـسەتانەی کـە لـە قورئانی پیرۆزدا هاتوون :

خـوای پـەروەردگار فەرموویـەتی: ﴿إنما حرم عليكم الميتـةَ والـدم ولحـم الخنزير وما أُهل به لغير الله فمن اضطُر غَير باغٍ ولاَ عاد فَلا إِثْم عليه إِن اللّـه غَفُـور رحيم﴾ [سورة البقرة : ١٧٣] .

وە فەرموویـەتی:﴿ قُل لا أَجِد في ما أُوحي إِلَي محرما علَى طَاعمٍ يطْعمه إِلا أَن يكُونَ ميتةً أَو دما مسفُوحا أَو لَحم خنزِيـرٍ

(٤)- (صحيح مسلم) رقم : (٦٨٦) .

فَإنه رِجس أَو فسقًا أُهل لغيرِ اللَّه بِهِ فَمـنِ اضطُر غَير باغٍ ولاَ عاد فَإن ربـك غَفُـور رحيم﴾ [سورة الأنعام : ١٤٥].

**وە لەو فەرموودانەیش کە لەم بارەیەوە هاتوون :**

( **عبـــدالله** ) ی کـــوڕی ( **عمـــر** ) ﴿رضي الله عنه﴾ فەرموویـەتی:﴿رخـص رسـول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾ للنساء في التصفيق وللرجال في التسبيح﴾(٥).

واتـــــــە : پێغەمبـــــــەری خوا﴿صلى الله عليه وسلم﴾ڕوخسەتی ئافرەتـانی داوە لـە نوێـــژی جەماعەتـــدا ، ئەگـــەر پـــێش نوێژەکەیان هەڵەی کرد دەستی ڕاستیان بـدەن بـە سـەر دەسـتی چـەپیاندا ، بـۆ ئاگادارکردنی پێش نوێژ لەو هەڵەیەی کـە ڕووی داوە ، و پیـــاوانیش لـــەو کاتـــەدا (**سبحان الله** ) بکەن .

وە لە ( **عبد الرحمن** ) ی کوڕی (**أبي بكرة** ) ەوە ، ئەویش لـە باوکیـەوە لـە پێغەمبـــەری خـــواوە﴿صلى الله عليه وسلم﴾ بۆمـــان دەگێڕێتـەوە و دەفـەرمێت: ﴿ رخــص ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ للمسافر ثلاثة أيام وليالهن وللمقيم يوما وليلة - إذا تطهر فلـبس خفيـه - أنْ يـمسح عليهما﴾(٦).

واتــــــە : پێغەمبـــــــەری خوا﴿صلى الله عليه وسلم﴾ڕوخسەتی داوە بـەڕێبوار سـێ ڕۆژ و شەوەکانیشیان ، و بۆ کەسـێك کـە لە ماڵی خۆیدا بێت شەو و ڕۆژێك ـ ئەگـەر دەست نوێـژی شوشـت و خوففـەکانی لـە پێ کرد ـ مەسحیان لە سەر بکات ( واتە : دەستیان بە سـەردا بهێنێـت ) لـە جیـاتی شوشتنیان .

وە ( **أنـس** ) ﴿رضي الله عنه﴾ فەرموویـەتی : ﴿رخص رسول الله﴿صلى الله عليه وسلم﴾، للزبير ، وعبد الرحمن بن عوف ، في لـبس الـحرير ؛ لـحكة كانت بـهما﴾(٧).

واتـــــــە : پێغەمبـــــــەری خـوا﴿صلى الله عليه وسلم﴾ڕوخـسەتی دا بـە : ( **زبـير** ) ﴿رضي الله عنه﴾ ، و ( **عبـــدالرحمن** ) ی کـــوڕی (**عـــوف**) ﴿رضي الله عنه﴾ ، پۆشـــاکی ئاوریـــشم (**حريـر** ) لـە بـەر بکـەن ، لـە بـەر ئـەو نەخۆشیەی کە هەیان بوو.

---

(٥)- (صحيح سنن ابن ماجة) رقم : (١٠٣٦) .

(٦)- (سلسلة الأحاديث الصحيحة) رقم : (٣٤٥٥) .

(٧)- (صحيح البخـاري) رقـم : (٥٨٣٩) و(صـحيح مسلم) رقم : (٢٠٧٦) .

جا بابزانین لە لای زانایانی شەریعەت ڕوخسەت چیە ؟ و زانایان چۆن ئەم بابەتەیان دابەشکردووە ؟ و بەشەکانی چین ؟ و هەڵوێستیان لەو بارەیەوە چیە؟ لە گەڵ بەرچاو خستنی هەندێك لە ووتە بەنرخەکانیان.

لە کۆتایشدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەوەی هەندێك لە موسڵمانان دەیکەن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا - بەناوی ڕوخسەتەوە - لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ، ڕوخسەتن ، یان نا ؟!

**دابەش کردنی ڕوخسەت بە پێی : ﴿ڕەوایی ﴾ و ﴿ ناڕەوایی ﴾ :**

باشترین دابەشکردنێك کە بۆ ڕوخسەت کرابێت ، لە ڕووی ڕەوایی و ناڕەواییەوە ، ئەو دابەش کردنەیە کە شێخی پایەبەرزی ئیسلام ( **ابن القیم الجوزیة** ) ـ بە ڕەحمەت بێت - کردوویەتی ، ئەوەیش لەو ووتە بەنرخەیدا کە فەرموویەتی :

ڕێگری خاوەنەکەی دەبێت لە گەڕانەوە بۆ ڕوخسەتە بێ بنەواکان ، چونکە کەسانی خاوەن ئیرادە پتەوەکان ، کردەوەکانیان لەسەر ڕاستیەکان و ڕاستی بنیات دەنێن ، بۆیە گەڕانەوە و ئەنجامدانیان بۆ ڕوخسەتەکان ، بەرەو دواگەڕانەوە و دەست بەتاڵیە.

لەم شوێنە پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە ، چونکە ئەم ووتەیە ئاوا ڕەها نیە : چونکە خوای پەروەردگار پێی خۆشە ئەو ڕوخسەتانەی کە لە ئایینەکەیدا هاتووە وەربگیرێت و کرداری پێ بکرێت ، هەروەك پێی خۆشە عەزیمەتەکانی وەربگیرێت ، وە لە (**مسند**)ی پێشەوا (**أحمد**) دا هاتووە بە (**مرفوع** ) ی بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ)کە فەرموویەتی : ﴿إن الله يحب أن يؤخذ برخصه ،كما يكره أن تؤتى معصيته﴾ ، لێرەیشدا خوای پەروەردگار وەرگرتنی ڕوخسەتەکان و کارپێکردنیانی بەرامبەر داناوە لەگەڵ ئەنجامدانی تاوانەکان ، وە سەبارەت بە بەشی یەکەمیان خۆشەویستی داناوە ، و سەبارەت بە بەشی دووەمیشیان ڕق لێبوونی داناوە ، هەرگیز دوو شتی نەهاتۆتە پێش ئیللا ئاسانەکەیانی هەڵبژاردووە ، بە مەرجێك تاوان نەبێت ، ڕوخسەتیش ئاسانترە لە عەزیمەت ، ئا

بەم شێوە بوو سیفاتی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لە ڕۆژوو نەگرتن ، و سەفەرەکانیدا ، وە کۆکردنەوەی لە کاتی وەستاندا ، وە کورت کردنەوەی نوێژە چوارییەکان بۆ دوو ڕکات ، و جگە لە مانەیش ، بۆیە دەڵێین ڕوخسەت دوو جۆرە:

❑ **جۆری یەکەم : ئەو ڕوخسەتانەی کە لە شەریعەتدا هاتوون و زانراون :** وەکو خواردنی گۆشتی مردارەوە بوو ، خوێن ، گۆشتی بەراز لە کاتێك دا کە زەروورەت و پێویست بێت ، با پێیشی بووترێت عەزیمەتە لە و ڕووەی کە فەرمانی پێ کراوە وواجبە ، بەڵام لەو لاوە ڕوخسەتە لەو ڕووەی کە ڕێپێدراو وفراوانکارییە ، هەروەها وەکو ڕۆژووشکاندنی نەخۆش و موسافر ، و کورتکردنەوەی نوێژ لە سەفەردا ، و نوێژکردنی نەخۆش بە دانیشتنەوە ئەگەر ڕاوەستانی لە سەر قورس بێت ، و ڕۆژووشکاندنی ئافرەتی سك پڕ و شیردەرئەگەر لە ڕۆڵەکەیان بترسن زەرەری پێبگات ، و هێنانی کەنیزەك ئەگەر لەوە بترسێت بکەوێتە تاوانەوە ، و هاوشێوەکانیان لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە ڕوخسەتانەدا و کارپێکردنیان شتێك نییە کە هۆکاری لاوازکردنی عەزیمە و هیمەتی بکات ، و ئەنجامدەری بگەڕێتەوە بۆ ڕوخسەتە پوچەڵ و بێ بنەماکان ، و بێگومان داواکاری و ویستەکانی کەم ناکاتەوە هیچ کاتێك ، چونکە هەندێکیان واجبە ئەنجام بدرێت ، وەکو خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو لە کاتی زەروورەت و پێویستدا ، و هەندێکیشیان چاکەکەی ئاشکرایە وەکو ڕۆژوو نەگرتنی کەسێکی ڕۆژووان کە نەخۆش بێت ، و کورتکردنەوەی نوێژ بۆ کەسێك کە لە سەفەردا بێت ، وڕۆژوو نەگرتنی ، وە هەندێکی تریشان چاکەکاریەکەی بۆ ئەو کەسەیە کە ڕوخسەتەکەی بۆ دراوە و کەسانی تریش ، لێرەیشداچاکەکارییەکە دوو جۆرە : تایبەت و کەسی تریش دەگرێتەوە ، وەکو ڕۆژووشکاندنی ئافرەتی سك پڕ وشیردەر ، ئاشکرایشە کە ئەنجامدانی ئەم ڕوخسەتانە ئەولاتر و چاکترە لە وازلێهێنانیان.

❑ **جۆری دووەم : ئەو ڕوخسەتانەی کە لە تەئویل و جیاوازی نێوان زانایان**

**لە ڕێپێدانیەوە دروست دەبێت** : ئەم جۆرەیان بەدوا ڕۆیشتن و ئەنجامدانی حەرام و قەدەغەیە ، وهۆکاری لاوازکردنی ویست وداواکاریەکانە ، و ئەنجامدەری دەگەڕێنێتەوە بۆروخسەتە پوچەڵ و بێ بنەماکان ، چونکە ئەو کەسەی کە ووتەی بێ بنەمای خەڵکی مەککە لە پارە گۆڕینەوە ، و ووتەی خەڵکی عێراق لە خواردنەوەکان ، و ووتەی خەڵکی مەدینە لە خواردنەکان ، و ووتەی ئەو کەسانە کە حیلە دادەنێن لە کرین و فرۆشتندا ، و ووتەی ( **ابن عباس** )﴿رضي الله عنه﴾لە ژن و مێردایەتی سیخە یان کاتی (**المتعة**) ، و گۆشتی گوێدرێژی ماڵی ، و ووتەی ئەو کەسەی کە بەڕەوای دەزانێت ئافرەتانی ناسراو بە داوێن پیسی بهێنرێت ( واتە : مارە بکرێت ) ، یان بە ئاسایی زانیوە مێردی ئافرەتی داوێن پیس بێت ، و ووتەی ئەو کەسەی کە ئامێرە مۆسیقایەکانی حەڵاڵ کردوە وەك (**اليراع ، والطنبور ، والعود ، والطبل ، والمزمار** ) ، و ووتەی ئەو کەسەی کە گۆرانی بە حەڵاڵ داناوە ، و ووتەی ئەو کەسەی کە بە ڕەوای دەزانێت ( کەنیزەك و جاریەیە ) بدرێت بە ئیستیعارە بۆ ئەوەی جووت بێت لە گەڵیدا ، و ووتەی ئەو کەسەی کە خواردنی تەرزەی بۆ ڕۆژووان بە ڕەوا داناوەو ووتویەتی تەرزە نەخواردنە ونە خواردنەوە ، و ووتەی ئەو کەسەی کە بە ڕەوای زانیوە ڕۆژووان لە نێوان دەرکەوتنی گزنگ ( **الفجر** ) تاکو دەرچوونی خۆر خواردن بخوات ، و ووتەی ئەو کەسەی کە ووتویەتی نوێژی ئەو کەسە درووستە لە نوێژەکەیدا تەنها ﴿ مدهامتان ﴾ بخوێنێتەوە بە فارسی و پاشان کڕنوش ببات وەکو چاوپرتاندن و یەك سەر ڕاست بێتەوە ، و جیاوازی نێوان دووکڕنوشەکانی وەکو تیژی شمشێر وابێت ، و صەڵاواتیش نەدات لە سەر پێغەمبەری خوا﴿صلى الله عليه وسلم﴾، پاشان نوێژەکەی تەواو بکات ، و ووتەی ئەو کەسەی جووت بوونی لە گەڵ ئافرەتدا حەڵاڵ کردووە لە پاشەوە ، و ووتەی ئەو کەسەی بە ڕەوای داناوە کە ئەو کچەی لە ئاوی شەهوەتی دەرچووی خۆی بخوازێت، ئەگەر ئەو منداڵە لە زیناکردن و داوێن پیسی هاتبێتە دونیاوە ، و هاوشێوەکانی لە ڕوخسەت ووتەی

ئەوزانايانەی کە بەهۆیانەوە ویستەکانی کەم دەکاتەوە و هۆکاری لاوازکردنی ویست وداواکاریەکان نیە ، و ئەنجامدەری نەگەڕێنێتەوە بۆ ڕوخسەتە پوچەڵ وبێ بنەماکان ، چونکە ئەمەیان جۆرێکە و یەکەمیشیان جۆرێکی ترە"[٨].

هەروەها (**ابن القيم**) لە ووتەیەکی تریدا کە سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕوخسەتەکان و پەیوەستی یان بە ڕاستی ئەنجامدەرانێەوە فەرموویەتی : "

سەبارەت بەو ووتەیەی کە فەرمویەتی : وە ناشگەڕێتەوە بۆ ڕوخسەتە بێ بنەماکان ، لە بەر تەواوی ڕاستیەکەی ، وپتەوی ویست و ئیرادەت و داواکاریەکانی کە وای لێدەکات عەزیمەتەکان ئەنجام بدات ، و بۆیە ئاوڕ ناداتەوە لەو خۆشیانەی کە لە ڕوخسەتەکاندا هەیە ، ئەم ووتەیە پێویستی بە زیاتر ڕوونکردنەوە هەیە:

- ❑ چونکە ڕاستگۆ لە بەر ڕەزامەندی و خۆشەویستی خوای پەروەردگار کردەوە دەکات ، جا ئەگەر ئەنجام دان و پەیڕەو کردنی ئەو ڕوخسەتانەی کە لە شەرعە پیرۆزەکەی داوێتی خۆشەویستر بێت لای خوای پەروەردگار لە پەیڕەوکردنی عەزیمەتەکان ، ئەو کاتە ئاوڕدانەوەی بۆ ئارەزووەکانی کاکڵ و ناوەڕۆکی ڕاستگۆییەتی ، بۆ نمونە ئەگەر لە سەفەردا ڕۆژووی شکاند ، و نوێژەکانی کورت کردەوە و دوو دوو کۆی کردنەوە لە کاتێ کە پێویستی پێ بوو ، و نوێژیشی سووك کردەوە لە کاتی سەرقاڵ بوونیدا ، و هاوشێوەکانی لەو ڕوخسەتانەی کە خوای پەروەردگار پێی خۆشە ئەنجام بدرێن و وەربگیرێن ، ئا ئەم ئاوڕدانەوەیە بۆ ئارەزووەکانی پێچەوانەی ڕاستی ئەنجام دەری نیە، بەڵکو خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیەکە:جیاوازی هەیە لەنێوان پیادەکردنی ڕوخسەت لەبەر خۆشی وئاسانیەکەی،وەلەنێوان پیادەکردنی ڕوخسەت لەبەر شوێن کەوتنیپێغەمبەر ﷺ،هەرچەندە ئەگەر لەبەر سوکی وئاسانیەکەیشی بێت دژی ڕاستگۆیی نیە،چونکە ئەمەیە مەبەست لێی ، هەروەها ئاشنابوونی

---

(٨)- (مدارج السالكين) : (٢ / : ٥٧ ـ ٥٨) .

بەندەكانی خوای تێیدایە بە چاكەكاری پەروەردگاریان لە گەڵیاندا ، و پەرستنی خوای پەروەردگارە بە ناوی (**البر**) ، و (**اللطیف**) ، و (**المحسن**) ، و (**الرفیق**) ، پەروەردگاریش لە سەرخۆ ونەرم و نیانە، نەرم و نیان و لەسەرخۆییشی خۆش دەوێت.

وە لە ( **صحیح** ) ەكەی پێشەوا (**البخاري**) دا هاتووە : ﴿ما خیر رسولُ الله بین أمرین إلا اختار أیسرهما ما لم یكن إثما﴾(٩).

واتە : پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ هەركاتێك دوو شتی بهاتبایەتە پێش ئیللا ئاسانەكەیانی هەڵدەبژارد ، بەمەرجێك تاوان نەبووایە ، ئەوەیش لە بەر ئەو هەستەی كە دەیكرد لە كاتی پەرستنی خوای پەروەردگار بەناوی ( **الرفیق** )، و ( **اللطیف** ) ، و ئاسوودەیی دڵیش بەو شتە لەپەرستنێكی تر ، چونكە دڵ بەردەوام لە پلەكانی پەرستندا جێ گۆڕكێ دەكات ، جا ئەگەر خۆشی ڕوخسەتەكانی خۆشەویستەكەی وەرگرێت خۆی ئامادە دەكات بۆ پەرستنێكی تر ، لەوانەیشە وەرگرتنی عەزیمەت بیبڕێت لە پەرستنێك كە خۆشەویست ترەلەو لە لای خوای پەروەردگار ، وەك ڕۆژوانێك كە نەتوانێت یارمەتی هاوەڵەكانی بدات ، و ئەو كەسەیش كە ڕۆژووی نەگرتووە بەڵام خەریكی خێوەت هەڵدانە بۆ هاوەڵانی ، و سوارەكان ئاو دەدات ، و كوڵ و جێگەكانیش دەپێچێتەوە ، هەر لە بەر ئەمەیە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ سەبارەت بە ڕۆژوونەگران فەرموویەتی : ﴿ذهب المفطرون الیوم بالأجر﴾(١٠) .

واتە : ئەو كەسانەی كە ڕۆژوویان نەگرتووەو خزمەتی ڕۆژووانانیان كردووە ئەمڕۆ هەموو پاداشتەكەیان بردۆتەوە.

---

(٩)- (صحیح البخاري) رقم (٣٥٦٠) و(صحیح مسلم) رقم : (٢٣٢٧) ، ولفظ الحدیث : عن عائشة رضي الله عنها ، قالت : " ما خیر رسول الله ﴿ﷺ﴾ بین أمرین قط إلا أخذ أیسرهما ، ما لم یكن إثما ، فإنْ كان إثما كان أبعد الناس منه ... " .

(١٠)- (صحیح البخاري) رقم : (٢٨٩٠) و(صحیح مسلم) رقم : (١١١٩) عن أنس ﴿رضي الله عنه﴾ قال : كنا مع النبي ﴿ﷺ﴾ في السفر ، فمنا الصائم ، ومنا المفطر ، فنزلنا منزلا في یوم حار فسقط الصوامون ، وقام المفطرون ، فضربوا الأبنیة، وسقوا الركاب . فقال رسول الله ﴿ﷺ﴾ : " ذهب المفطرون الیوم بالأجر " .

❑ **أما الرخص التأويلية المستندة إلى اختلاف المذاهب والآراء التي تصيب وتخطيء فالأخذ بها عندهم عين البطالة مناف للصدق** " (١١).:

واته : بەڵام سەبارەت بە ڕوخسەتە تەئویلیەکان ، کە لە جیاوازی مەزهەب و بۆچوونەکانەوە هاتۆتە کایەوە ، و جێگەی پێکاندن و هەڵەن ، وەرگرتنی ئەم جۆرەیە لەلای زانایان خود و ناوەڕۆکی بەتاڵییە و پێچەوانەی ڕاستییە.

**کەواتە** : ڕوخسەت دوو جۆرە:

**یەکێکیان** دەگەڕێتەوە بۆ بنەما شەرعیەکان ، و پاڵپشتی خۆی پێیان دەکات ، ئەم جۆرەیان خوای پەروەردگار پێی خۆشە وەربگیرێت و ئەنجام بدرێت لە کاتەکانی خۆیاندا.

**دووەمیان** دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی زانایان و بۆچونیان سەبارەت بە ئەحکامە شەرعیەکان ، ئەم جۆرەیە کە بە لای زانایانەوە زەم کراو وپوچەڵ کراوە ، و شوێنکەوتن و ئەنجامدانیان بە هۆکاری لە ناوچوونی ئاینی ئەنجام دەرانی دانراوە ، موسڵمانانیان لێ ئاگادار کردۆتەوە ، فەرموویانە : لە گەڵ ڕاستی و مەبەستەکان ناگونجێ.

**جا موسڵمانی یەکخوا پەرست** : پاش ئەوەی کە ئەوەی سەرەوەمان بۆ ئاشکرا بوو ، با بزانین ووتەی پێشەوا و زانایان سەبارەت بەشوێنکەوتنی ئەو ڕوخسەتانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی زانایان و بۆچونەکانیان ، یان ئەو فەتوایانەی کە نەیان پێکاوە چیە ؟!

## ووتەی پێشەوایان و سەلەف سەبارەت بە ڕوخسەت و شوێنکەوتنی:

پێشەوا ( **الأوزاعي** ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : " من أخذ بنوادر العلماء خرج من الإسلام " (١٢).

واتە : هەرکەسێك هەموو ئەو فەتوایانە وەرگرێت، و کرداریان پێبکات کە زانایان تێیدا نەیان پێکاوە ، ئەوا لە ئایینی ئیسلامی پیرۆز دەچێتە دەر.

❑ ( **عبدالله** )ی کوری پێشەوا (**أحمد**) ی کوڕی ( **حنبل** ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ بۆمان دەگێڕێتەوە کە لە باوکیەوە بیستوویەتی : فەرموویەتی :

(١١)- (مدارج السالكين) : (٢ / ٢٨٢ – ٢٨٣) .

(١٢)- (سنن البيهقي الكبرى) : (١٠ / ٢١١) .

" لو أن رجلا عمل بكل رخصة : بقول أهل الكوفة في النبيذ ، وأهل مكـة في المتعـة ؛ لكان فاسقاً "[١٣].

واتـە : ئەگـەر کەسـێك بـە هـەموو ڕوخسەتەکان کردەوە بکات : بۆ نمونـە : بـە ووتـەی ئـەهلی کوفـە لـە شـەراب ، و ئەهلی مەککـەیش لـە هاوسـەرێتی سیخە یان کاتی ( واتە : **زواج المتعة** ) ، ئەوا ئەو کەسە فاسقە.

❑ هـەروەها پێـشەوا ( **أحمـد** ) و ( **سـليمان التيمـي** ) ـ بەڕەحمـەت بـن ـ فەرموویانـە : " لو أخذت برخصة كل عالم اجتمع فيك الشر كله "[١٤].

واتـە : ئەگـەر ڕوخـسەتی هـەموو زانایـــان وەرگریـــت ، و کردەوەیـــان پێبکـەی، ئـەوا هـەموو خراپەکاریـەکانت تێدا کۆبوتەوە.

❑ وە پێـشەوا ( ابـن القـيم ) – بەڕەحمـەت بێـت ـ فەرموویـەتی : " **أما الـرخص التأويليـة المستندة إلى اخـتلاف المـذاهب والآراء الـتي تـصيب وتخطـيء : فالأخذ بهـا عنـدهم عـين البطالـة منـاف للصدق** "[١٥].

واتە: بـەڵام سـەبارەت بـە ڕوخـسەتە تەئویلیـەکان کەلـەجیاوازی مەزهـەب و بۆچونەکانەوە هاتۆتە کایەوە، و جێگـەی پێکان و هەڵەن ، وەرگرتنی ئەم جۆرەیە لـە لای زانایـان ، خـود و نـاوەڕۆکی بەتاڵیە و پێچەوانەی ڕاستیەیە.

❑ ( **إبراهيم** ) ـ بەڕەحمـەت بێت ـ فەرموویەتی : " من أراد أن يتعطل و يتبطل فليلزم الرخص "[١٦].

واتە : ئـەو کەسـەی کـە ئەیـەوێت لـە کار بکەوێت ، و دەسـت بـەتاڵ بێـت ، بـا هەموو ڕوخسەتەکان وەرگرێت.

❑ ( **مرداوي** ) ـ بەڕەحمـەت بێت ـ فەرموویـەتی : " ولا يجوز للعـامي تتبـع الرخص ، ذكره ( **ابن عبد البر** ) : إجماعا، ويفسق "[١٧].

واتـە : نابێـت عـەوامی موسـڵمانان شوێنی ڕوخسەتەکان بکەوێت

---

(١٣)- (شرح قصيدة ابن القيم) : (٢ / ٥٢٤) ، (وإرشاد الفحول) : (١ / ٤٥٣ – ٤٥٤) .
(١٤)- (شرح قصيدة ابن القيم) : (٢ / ٥٢٤) .
(١٥)- (مدارج السالكين) : (٢ / ٢٨٢ ـ ٢٨٣) .
(١٦)- (سير أعلام النبلاء) : (١٥ / ٣٩٢) .
(١٧)- (الإنصاف للمرداوي) : (١١ / ١٩٦) .

( مەبەستی ئەو فەتواو بۆچونانەیە کە زانایان تێیدا نەیان پێکاوە ) ، ( **ابن عبد البر** ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ کۆڕای یەك دەنگی زانایان لە سەر ئەم حوکمە دەگێڕێتەوە ، ئەو کەسەیش کە ئەم کردارە ئەنجام بدات فاسق دەبێت لە شەرعدا.

❑ شێخ ( **محمد بن صالح العثيمين**)(بەڕەحمەت بێت)فەرموویەتی: " هەروەها بابەتی دووەمیشی تێدایە ، ئەویش : بریتیە لە ڕەوایی پرسیارکردن لەزیاترلە زانایەك،بەلاَم ئەگەر بە مەبەستی شوێن کەوتنی ڕوخسەتی زانایان بێت ، ئەوە حەرام و قەدەغەکراوە هەروەکو زانایان فەرموویانە ، ئەم کردارەیش کرداری جولەکەکانە ، چونکەجولەکەکان کە لە تەوراتدا هەبوو ئەگەر کەسێك زینا و داوێن پیسی بکردایە دەبوایە بەردباران بکرایە ئەگەر ژندار بوایە یان شوکردە ، لەو لایشەوە ئەو کردارە لەناو ناودارەکانیاندا تەشەنەی کردبوو ، بۆیە ئەم حوکمەی خوای پەروەردگاریان گۆڕی بوو ، بەلاَم کە پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ کۆچی کرد بۆ مەدینە ، و پیاوێك زیناو داوێن پیسی کرد لە گەڵ ئافرەتێکدا ، ووتیان : بڕۆن بۆ لای ئەو پیاوە (مەبەستیان پێغەمبەری خوا بوو﴿ﷺ﴾) بەڵکو شتێکی ترتان لەلا دەست کەوێت ، ئەوەیش بۆ ئەوە بوو کە شوێنی ڕوخسەتەکان بکەوون" [(١٨)].

وە لە شوێنێکی تردا سەبارەت بە وەصفی موفتی فەرموویەتی:

" پێویستە لە سەر ئەو کەسەی کە فەتوا دەدات ئەگەر تێگەیشت لە حاڵی ئەو کەسەی کە پرسیاردەکات مەبەستی منجڕی و شوێنکەوتنی ڕوخسەتەکان و بەیەکدانی ووتەی زانایانە بەیەکدا ، یان هەر مەبەستێکی خراپیتر جگە لەمانە ، ئەواپێویست نیە لە سەری فەتوای بۆ بدات و وەلاَمی بداتەوە" [(١٩)].

❑ وەشێخ ( **فوزان** ) فەرموویەتی : " بەلاَم ئەگەر لە کاتێکدا بۆچونی زانایەك وەرگرێت و لە کاتێکی تردا بۆچونی زانایەکی تر وەرگرێت ، ئا بەو شێوەیە مرۆڤ ئاڵوگۆڕ بکات لە زانایەك بۆ

---

(١٨)- (موسوعة فتاوى اللجنة الدائمـة و الإمـامين) : الـمجلد العاشر : (لابن عثيمين) .

(١٩)- (رسالة الأصول من علم الأصول) ص : (٧٣) .

زانایــــەکی تــــر لەبــــەر شــــەهوەت و ئارەزووەکانی، یان لەبەر شوێنکەوتنی بۆ ڕوخسەتی زانایان ، ئەمەیان نابێت ـ واتە: هـەر ووتـە وفەتوایـەکی زانایـان بـە پـێی ئارەزووەکــانی بێــت وەری بگرێــت بــا پێچەوانەی بەڵگە شەرعیەکانیش بێت ، و ئەوەیشی کە پێچەوانەی ئارەزووەکـانی بێــت وازیــان لێ بهێنێــت ، بــا بەڵگــە شــەرعیەکانیش ڕاســتی ئــەو ووتــە و فەتوایانە بسەلمێنن ، ئەو جۆرە کەسانە شـوێنکەوتەی ئارەزووەکانیـانن ، –خـوا پــەنامان بـدات ـ بۆیـە ئـاڵوگۆڕکردن و گواسـتنەوە لـە بۆچـونێك بـۆ بۆچـونێکی تر،یاخودلەمەزهەبێك بۆ مەزهەبێکی تر لە بـەر شـەهوەت و ئارەزووەکـان ، یـان بـۆ بەدەست هێنانی ئاسـان تـر ، یـان لەبـەر شـوێنکەوتنی ڕوخـسەتی زانایـان ، ئەمـە نابێت و دروست نیە" [(٢٠)].

وە فەرموویـەتی : " سـەبارەت بـەو فێرخـوازەی کـە توانـای زانینـی ڕاجـح و مەرجوحی هەیە لە ووتـەی زانایـان ، ئـەم جۆرە کەسـانە پێویـستە لەسـەریان ئـەو ووتەیــە وەرگــرن کەبەڵگــەی شــەرعی لەســەرە لــە ووتــەی چــوار پێــشەوایانی ئیـسلام و زانایـانی تـریش ، ئەمـە ئەگـەر توانای زانینی ڕاجح و مەرجوحی هەبێت ، و توانــای زانینــی بەڵگــە شــەرعیەکانی هــەبێت کـە ووتـەکانی لـە سـەر بنیـات دەنرێت ، ئەمە پێویستە لەسەری کردەوە بــە بەڵگــەکان بکــات ، چــونکە توانــای ئــەوەی هەیــە .... وە ناشــبێت هــیچ مرۆڤێك ئـەو ووتانـە وەرگرێـت لـە ووتـەی زانایــــان کــــە لەگــــەڵ ئارەزووکانیــــدا دەگونجێــــت ، یــــان لەگــــەڵ حــــەزی دەروونیـدا دەگونجێـت ، بـەو شـێوەیە شـوێنی ڕوخـسەکان بکـەوێت ، و شـوێنی ووتـە سـوك و ئاسـانەکان بکـەوێت ، کـە بەڵگەیان لـە سـەر نیـە ، لـە بەرئـەوەی لەگەڵ هـەوا و ئارەزووەکـانی دەگونجێت ئەمـە نابێـت ، بـەڵکو ئـەبێت ئـەو ووتانـە هەڵبژێرێت کە بەڵگەیان لە سەر هـاتووە ، بـا پێـچەوانەی هـەوا و ئارەزووەکانیـشی بێت" [(٢١)].

---

(٢٠)- (المـنتقى من فتاوى الفوزان)، الفتـوى رقـم : (٤٨٤).

(٢١)- (المـنتقى من فتاوى الفوزان)، الفتوى رقم : (٤٨٦).

چونكه شوێنكەوتنی ئەم جۆره ڕوخسەتانە هۆكار و ڕێگەیەكە بۆ ئەنجامدانی تاوان و وازهێنان لە واجباتە شەرعیەكان ، هەروەكو زانایان فەرموویانە : " ولا ينشر الرخص في السفهاء ؛ فيجعلوا ذلك طريقا إلى ارتكاب المحظورات ، وترك الواجبات " (٢٢).

واتە : روخسەتەكان نابێت بڵاوبكرێنەوە لە نێو نەفامەكاندا ، بۆ ئەوەی نەیكەنە پەیڕەو و ڕێگەیەك بۆ ئەنجامدانی قەدەغەكراوەكانی شەرع ، و واز هێنان لە واجبە شەرعیەكان.

بەڵكو زانایان هەوڵیان داوە بەوەی كە ڕوخسەتە شەرعیەكان لەناو خەڵكدا بڵاو نەكەنەوە بۆ ئەوەی تووشی تاوان و ساردبوونەوە نەبن لە ئەنجامدانی واجب و پێویستیەكانی سەر شانیان ، و كەم تەرخەمی تێدا نەكەن ، بۆ نمونە ( **ثابت البناني** ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : " عندي من الرخص رخص لو حدثتكم بها لاتكلتم " (٢٣).

واتە : چەندەها ڕوخسەتی وام لایە لە ڕوخسەتە شەرعیەكان ، ئەگەر لاتان باسیان بكەم ئەوا واز لە كردارەكان دێنن و متمانەیان دەكەنە سەر .

پێشەوا ( **ابن رجب** ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ لەڕاڤەكردنیدا بۆ سەرەتاكانی (**صحيح البخاري**) لە واژەی فەرموودەی (**معاذ** ) ی كوڕی ( **الجبل** ) دا﴿رضي الله عنه﴾لە زانایان بۆمان دەگێڕێتەوە ودەفەرمێت : " زانایان فەرمویانە : ئەوەی كە لە كرداری ( **معاذ** ) وەردەگیرێت لەوەی كە وازی هێنا بەخەڵكی ڕاگەیەنێت ، بۆ ئەوەی واز لە كردارەكان نەهێنن و متمانەیان نەكەنەسەر ، ئەوەیە كە: ئەو فەرموودانەی كە باس لە ڕوخسەتەكان دەكەن نابێت لەناو هەموو خەڵكدا ـ بە گشتی ـ بڵاوبكرێنەوە ، نەوەكو بە تەواوی لێی تێنەگەن ، لە كاتێك دا كە ( **معاذ** ) ئەو فەرموودەیەی بیست زیاتر هەوڵی ئەنجامدانی كردەوەیچاك و لە خواترسانی دەدا ، بەڵام ئەو كەسانەی نەگەشتوونە پلەی ئەو ، جێی متمانەنین كە لەگەڵ ڕووكەشی فەرموودەكەدا

---

(٢٢)- (تفسير القرطبي) : (٢ / ١٨٥) .

(٢٣)- (مصنف ابن أبي شيبة) : (٧ / ٢٤١) رقم : (٣٥٦٨٥) .

خۆیان بگونجێنن" (٢٤).

**بە سەرهاتی (إسماعیل) ی کوڕی (إسحاق) لە گەڵ خەلیفە (معتضد) لەم بارەیەوە:**

( **إسماعیل** ) ی کوڕی ( **إسحاق القاضي** ) - بەڕەحمەت بێت - بەسەرهاتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە ، و دەفەرمێت : ڕۆژێکیان ڕۆیشتمە لای خەلیفە( **المعتضد** ) و ئەویش کتێبێکی پێدام بۆ ئەوەی تەماشای بکەم ، دەفەرمێت : کە تەماشام کرد : (( **وكان قد جمع له الرخص ، من زلل العلماء ، وما احتج به كل منهم لنفسه** )) ، واتە : بینیم ڕوخسەتەکانی هەموو بۆ کۆکراوەتەوە ، هەموو ئەو فەتوایانەی کە زانایان تێیدا نەیان پێکاوە ، لە گەڵ ئەو بەڵگانەیش کە هێناویانەتەوە بۆ فەتواکانیان ، دەفەرمێت : ووتم : ئەی پێشەوای موسڵمانان : (( **مصنف هذا الكتاب زنديق** )) ، واتە : دانەری ئەم کتێبە بێبڕواو زندیقە ، خەلیفەیش بە سەرسوڕمانێکەوە فەرمووی : (( **لم تصح هذه الأحاديث ؟!** )) ، واتە : تۆ ئەم فەرموودانە بە ( صحیح ) دانانێیت ؟! ، دەفەرمێت : ووتم : (( **الأحاديث على ما رويت** )) ، واتە : فەرموودەکان بەو پێیەی کە گێڕراونەتەوە ، بەڵام :

(( **من أباح المسكر لم يبح المتعة ومن أباح المتعة لم يبح الغناء والمسكر** ))

واتە : ئەو کەسەی کە سەرخۆش کەری بە حەڵاڵ داناوە ، هاوسەرێتی سیخە یان کاتی ( زواج المتعه ) ی حەڵاڵ نەکردووە، ئەوەش کە هاوسەرێتی سیخە یان کاتی (زواج المتعه ) ی حەڵاڵ کردووە، سەرخۆش کەر و گۆرانی بەحەڵاڵ دانەناوە ، ئەوەش بزانە کە : (( **وما من عالم إلا وله زلة** )) ، واتە : زانا نییە لە هەموو فەتواکانیدا ڕاستی بپێکێ و هەڵەی نەبێت ، بۆیە (( **ومن جمع زلل العلماء ثم أخذ بها ذهب دينه** )) .

واتە : هەرکەسێك هەموو ئەو فەتوایانەی کە زانایان تێیدا نەیان پێکاوە کۆبکاتەوە ، و کرداری پێبکات : ئەوا ئایینەکەی نامێنێت و لە ناو دەچێت ، پاشان خەلیفە ( **المعتضد** ) : فەرمانی کرد

---

(٢٤)- (فتح الباري) : (١١ / ٣٤) للحافظ ابن رجب الحنبلي .

بەوەی کە ئەو کتێبەبسووتێنرێت [٢٥].

**هەندێك فەرموودەی ( ضعیف ) كە لەم بارەیەوە هاتوون:**

**یەكەم** : لە (**عبدالله** )ی كوڕی (**عمرو** )ی كوڕی ( **عوف** ) ەوە ، ئەویش لە باوكیيەوە ، باوكیشی ، لە باپیریيەوە، دەگێڕنەوە كە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرمووبێتی:

**" ثم اتقوا زلة العالم وانتظروا فيئته "** [٢٦].

**دووەم** : لە ( **زيد** )ی كوڕی ( **أسلم** ) ەوە ، دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ فەرمووبێتی:

**" أدوا الفرائض ، واقبلوا الرخص ، ودعوا الناس وقد كفيتموهم "** [٢٧].

**سێیەم** : لە (**عبدالله**)ی كوڕی (**عمر**) ەوە ، دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرمووبێتی:

**" أدوا العزائم ، واقبلوا الرخص ، ودعوا الناس وقد كفيتموهم "** [٢٨].

## كۆتایی

لە كۆتای ئەم باسەدا خوێنەری بەڕێز بەوە ئاشنابوو ، كە ئەوەی هەندێك لە موسڵمانانی ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەن ـ بە گومانی خۆیان بەناو ڕوخسەتەوە ـ شوێنكەوتنی ئارەزووەكانیانەو لە شەریعەتی ئیسلامی پیرۆزدا پێی ناووترێت ڕوخسەت ، چونكە ڕوخسەت ئەوەیە كە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی﴿ﷺ﴾ڕێیان پێ دابێت ، بەڵكو زانایان ئەنجامدان و ئەنجامدەرانی ئەم جۆرەیان زەمكردووە ، بە ڕادەیەك بە هۆكاری لە ئایین دەرچونیان زانیوە ، و بە دووریان زانیوە لەڕاستیو وویستی كەسانی دەروون بەرز و ڕاستگۆیان،

(٢٥)- (سنن البيهقي الكبرى) : (١٠ / ٢١١) ، وانظر: "البداية والنهاية" لابن كثير : (١١ / ٨٧) ، و "إرشاد الفحول" : (١ / ٤٥٣) ، و "سير أعلام النبلاء" : (١٣ / ٤٦٥) .

(٢٦)- (سنن البيهقي الكبرى) : (١٠ / ٢١١) ، وقال العلامة الألباني : (ضعيف جداً) "السلسلة الضعيفة" : (٤ / ١٩٣) تحت الحديث رقم : (١٧٠٠) .

(٢٧)- انظر : مسند الحارث (زوائد الهيثمي) : (١ / ٢٣٨) رقم : (١٠٧) ، وضعفه العلامة الألباني في "ضعيف الجامع الصغير" رقم : (٢٥٤) .

(٢٨)- انظر :( تاريخ بغداد) : (٥ / ٢٠٣) ، رقم : (٢٦٧٧) ، وضعفه العلامة الألباني في "ضعيف الجامع الصغير" رقم : (٢٥٤) .

وموسـڵمانانیان لێـی ئاگادارکردۆتـەوە، بۆیـەدەبێت هـەموو موسڵمانێکی خـاوەن دەروون بـەرز و ژیـر دووربێـت لێـی و شـوێنیان نەکـەوێت ، ئـەوەیش بـۆ پاراسـتنی ئایینەکـەی و ڕزگـار بـوونی لـە ئاگری دۆزەخ ـ خوا پەنامان بدات ـ.

بـۆ نمونـە: دەبینیـت ( **هەنـدێك !** ) دەڵێن:

**پیـاو :** لەبـەر ئـەوەی فـلان کـەس خاوەن بڕوا نامەیـە ! و هـیچ کـارێکی تـر نازانێت وخۆیشی پێـوە هـیلاك کـردووە ! ئەگەر ئـەویش لـەو شـوێنانە دانەمـەزرێت کەسانێکی فاسق وخراپ دادەمـەزرێن !! دەتوانێـت لـەو جێگایانـە دابمـەزرێت کـە پیاوان و ژنـان تێیـدا وەکـو خوشـك و بـرا وان! و لەگـەڵ یەکـدا تێکـەڵن (چـونکە هەندێك لە زانایان ڕێگـەیان پـێ داوە) !! وە لــە بــەر ئــەوەی دامەزرانـدنیش بـە ڕیـــشەوە ناڕەحەتـــە ، و کـــارێکی ناشارسـتانیـیە ( لـە ڕوانگـەو بۆچـونی ئەوانـدا !!) ! ئـەتوانێت ڕیشەکەیـشی لاببـات (چـونکە هەنـدێك لـە زانایـان فەرموویانە: لە بەر پێویست قەیدی نییـە ئـەو کـارە ئـەنجام بـدرێت)!! ئـەم موسـڵمانە (دامـەزراوە !) هەربەمەشـەوە ناوەستێت بەڵکو ئەبێت جلێکی مۆدێرن و بـە پـێی مـۆدەی سـەردەمیش بپۆشـێت (کە لە ڕاستیدا مۆدەی ساڵانی پەنجاکانە بە سەرەوە) ، ئـەو پۆشـاکەیش ئـەبێت : چـارلس بێـت لـە خـوارەوە و لـە ناوەڕاستەوە تەسك و تونـد و تـۆڵ باریـك بێـت !! و لـە سـەرەوەیش بەشـێوەیەك تەسك بێت پـێش و پاشـی دەربخـات ـ با ئەم شـێوەیەیش پێـچەوانەی مەرجـەکانی پۆشـاکی موسـڵمانان بێـت !! – و دەشبێت ئەوەندە شۆڕ بێت پێڵاوەکـانی داپۆشێت ـ با ئەم کردارە یەکێك بێـت لـە تاوانـە گـەورەکان ، خـۆ ئـەم بەمەسـتی فیززلی و تەکەبورەوە نایپۆشێت ـ.

لـە گـەڵ هـەموو ئەمانـەش دا ئـەبێت قژەکەیـشی بـە پـێی مـۆدە بێـت : بـە شـێوەیەك دەبێـت حـەفر کرابێـت ـ با پێغەمبەری خوایش نەهی لێ کردبێـت ـ ، و دوو (زوڵـف )ی درێـژی پێـوە بێـت و تیژیش بن !!

کە هەموو ئەمەیشی کرد : خۆ نابێت دورە پەرێز بێت لە ئافرەتانی هاوکـاری ،

چـــونکە ووشـــکی و نامۆیـــە لـــەو بوارانەدا!!!

ئەشـبێت و پێویـستە ئـەم بـەڕێزە ئەگەر لە قوتابخانەیەك دا بێـت ، و چـوار پـۆلی هـەبێت ، هـیچ مـەجالی تێـدا نیـیە پێویستە هەمووی بناسێت و جوان جـوان دیققـــەتیان بـــدات ، چـــونکە ئەگـــەر سەرپەرشـــتیاری پرســـیاری بکـــات ؟ مـەعقول نیـیە بڵێـت ناینـاسـم (بـە پـێی فـەتوای ئـەو زانایانـەی کـە فەرموویانـە: ئەگـەر سـەیرکردنەکە بـە شـەهوەتەوە نەبێت درووستە )!!!

پاشـان وورده وورده لەگـەڵ دەسـتە خوشـــکەکانی هاوکاریـــدا ، گەشـــت و سـەفرەیش ڕێـك دەخرێـت ، و ناشـبێت نەڕوات !! چونکە پێی دەووترێت ووشك و دووره پەرێزە !!! ئەی خۆ سەفرەیش بە بێ وێنەگرتن نابێت ( ئـەڵێن : هەنـدێك زانـا ڕێگـەیان بـە وێنـەی فۆتـۆگرافی داوە!! ) چونکە یادخەرەوەی ئـەو بۆنـە خۆشەیە !!

یا بۆ **ئافرەتان** دەڵێن :

خـۆ واجـب نیـیە ئـافرەت لـە کـاتی دەرچونیدا عەبا بدات بە سـەریدا ، و ئـەم ووتەیەیش ووتەی فلان زانایە !! و فـلان زانـایش فەرموویـەتی : ئافرەتـان بۆیـان هەیە جلی ڕەنگاو ڕەنگ لە بەر بکـەن !! وە فلانی تریشیان فەرموویـەتی : بـەڵکو ئـافرەت بـۆی هەیـە ڕوومـەت و گۆنـاو برۆکانی ببڕێت ، و حەففەشیان بکـات ، و ئـەویتریش فەرموویـەتی : ئـافرەت بـۆی هەیـە لـە مەجلـسی پیاوانـدا دانیـشێت و دەمە تەقێش بکات.

لـەو لاشـەوە ووتویانـە : خوێنـدن و فێربـوونی سـەرجەم زانـستەکانی ئـەم سەردەمە پێویـستە لـە سـەر ئافرەتـان ، <u>هـــەروەکو</u> چـــۆن لـــە ســـەر پیـــاوان پێویستە!! بۆیە با بڕوات بخوێنێت !! بـۆ ڕێگـری دەبـن ؟! بـا لـە شـارەکانی تریـــشدا بێـــت ، سەفەرەکەشـــی لـــە شارێکەوە بێت بـۆ شـارێکی تـر ( چـونکە ســەفەرەکەی شــەو و ڕۆژێــك نابێــت : ئەمەش لە بۆچونی هەندێك لـە زانایـان دا پێی ناوترێت سەفەر !! و مەحرەمیـشی ناوێت !! ) !! مەگەر لە گەڵ ئافرەتانی تردا نییە ؟! بەڵکو دەڵێت : ( مـن !! ) ( خـۆم !! ) دوو کـچم لـە ئـەمریکا ، و ئەوروپا دەخوێنن !

گـومڕایی هەنـدێك گەشـتووەتە ئـەو ڕادەیەی کە بڵێت :

( ئێمە !! ) هەر ووتە ( واتە: **قِيل**) یێك هەبێت شتێکمان بۆ بە ڕەوا دابنێت ، بـا بێژەرەکەیـشی منـداڵێك بێـت !! یـان نەناسراویش بێت ـ تەنها لە بەر ئەوەی لە پەرتوکە شـەرعیەکاندا هاتبێـت ـ وەری دەگـرین و کـاری پـێ دەکـەین ـ خـوای پەروەردگار پەنادەرمان بێت لـە گـومڕایی و گومڕاکاران ـ.

**جـا موسـڵمانی ژیـر و خـاوەن هـزر :**

ئەگـەر پیاوێـك وەکـو ئـەو نموونەیـەی سـەرەوە بێـت ، و ئـافرەتیش بـە هـەمان شێوە ، وە ئایینێك لە سـەر ئـەو بۆچـونە بنیـات بنرێـت ، بـە چ شـێوەیەك گـەواهی ئـەوەی بـۆ بـدەین کـە ئەنجامـدەرانی پیادەکاری ئـایینی ئیـسلامی پـیرۆزن ؟! وە ئەگـــــــەر پێغەمبـــــــەری خواش﴿ﷺ﴾زینـدوو بێتـەوە و بێتـە نـاو ئوممەتەکـەی ، دەیانناسـێتەوە ؟! بـە دڵنیاییەوە : نەخێر.

کـردار و شـوێنکەوتنی موسـڵمانانیش بـــۆ ئـــەم ڕوخـــسەتانە وای کـــردووە ســـنورەکانی خـــوای پـــەروەردگار و فەرمایـــشتەکانی پێغەمبـــەری خـــوا ﴿ﷺ﴾بشکێنرێت ، و گوێ نەدرێتە تاوان کـردن و ئاسـایی بوونـەوەی بـە بیـانووی پووچەڵ و بێ بنەما.

جا موسڵمانی شـوێنکەوتەی قورئـانی پـــیرۆز و ســـوننەتەکانی پێغەمبـــەری خـــوا﴿ﷺ﴾ و ڕێبـــای ســـەلەف و پیاوچـاکان، و پێـشەوایانی ئیـسلام ، هەوڵی ئەوە بدە لە هەرکوێدا بیت شـێوە و کەسـایەتی خـۆت نـەدۆڕێنیت ، وەکـو گیانداری (**الحرباء**)یش مەبـە ڕۆیـشتیتە هەر جێگەیەك بە پێی ئەو جێگەیە خـۆت بگونجێنیت ـ خوا پەنامان دات ـ !!!

داواکاریـشم لــە خــوای پــەروەردگار بمانپارێزێـــــت لـــــە شـــــوێنکەوتنی ئارەزووەکـان، ڕێ نیشاندەریـشمان بێـت بۆ هەموو چاکە و چاکەکاریەك.

**وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَ صَلى اللهُ على مُحَمَّد وَ آله وَسَلَّم.**